# هەناسەکانی تەمەن

## جەوهەر کرمانج



سەعات 11ی سەرلەبەیانیی 2008/1/31 لە هۆڵی دیلان-ی کتێبخانەی سلێمانی، ئاهەنگی ئیمزاکردنی کتێبی هەناسەکانی تەمەن-ی جەوهەر کرمانج بەڕێوەچوو. سەرەتا بەڕێوەبەری رۆشنبیریی سلێمانی (ئاوات حەسەن ئەمین) وتەیەکی پێشکەشکرد، دواتر جەوهەر کرمانج لە وتەیەکی کورتدا باسی ئاهەنگی ئیمزاکردنی دیوانی) هەناسەکانی تەمەنی) کردو رێورەسمی ئیمزاکردن بەڕێوەچوو. لەو بارەیەوە ئەدەب و هونەر راپۆرتێکی لەو بارەیەوە ئامادە کردووە.

بەڕێوەبەری رۆشنبیری سلێمانی( ئاوات حەسەن ئەمین)لە بارەی بیرۆکەی ئەم ریورەسمانەوە وتی: بیرۆکەی ئەم رێورەسمە دەگەڕێتەوە بۆ بەرێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەو بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی، دوای ئەوەی چەند گەشتێکم بۆ دەرەوە وڵات ئاگام لێبوو دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمی نووسەرەکان ،کۆڕو رێوڕەسمی رێزلێنانیان بۆ دەکرێت، ئێمەش وەک سەرەتایەک بەباشمانزانی بە رێورەسمی ئیمزاکردنی ئەو دیوانە شیعریان دەستپێبکەین کە چاپ دەکرێنەوە، ئەوە یەکەمجاریش نییە ئەم رێورەسمە بەرێوەبچێت، پێشتر بۆ چەند نووسەرێکی تر کراوە وەک قوبادی جەلیزادە و فەرید زامدار، ئێمە بانگهێشتی نووسەران دەکەین، دواتر بەرهەمەکە بە ئیمزای نووسەرەکەوە بەسەر میوانەکاندا دابەشدەکرێت، بەڵام لەدەرەوەی وڵات بە شێوەیەکی ترە، خوێنەران خۆیان کتێبەکە دەکڕن و نووسەرەکە لە رێوڕەسمەکەدا ئیمزای کتێبەکان دەکات.

سەبارەت بەوەی ئایا ئەمان هەر بەو شێوەیە رێورەسمەکە بەڕێوەدەبەن و هیچ گۆڕانکاریەکی تێدا ناکەن وتی: بیرمان لە گۆڕانکاری کردۆتەوە، لەوەی لە ئایندەدا رەخنەگرێک بانگهێشت بکەین و قسە لەسەر ئەو بەرهەمە بکات کە بڵاوبۆتەوەو دواتر بیکەین بۆ کۆڕی گفتوگۆ لەسەر کتێبەکە.

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی (سەلام فاتیح) لە بارەی تەرخانکردن رێژەی ئەو کتێبانەی کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتیەکەیانەوە دابین کراوە وتی:

ئەم رێورەسمە تەنیا بۆ دیوانە شیعرییەکان دەکەین، ئەو دیوانانەی لەلاەی خۆمان بە چاپ دەگات، مەبەستمان لەمەش ئەوەیە جگە لە رێزلێنان بۆ نووسەران و میوانەکان ئەوەیە ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش

بێت نووسەران کۆببنەوە، ئێمەش بەپێی ئەو بانگهێشتانە، ژمارەی کتێبەکان تەرخاندەکەین، واتە چەند میوان بانگ کرابێت ئەوەندە کتێب دابین دەکەین.

دیوانی هەناسەکانی تەمەن کۆی بەرهەمە شیعریەکانی شاعیرە، جگە لەوەی چەند شیعرێکی تازەشی لەخۆگرتووە.

سەبارەت بەم شێوە ئیشکردنە جەرهەر کرمانج وتی:

ئەم رێورەسمە چەند جارێک کراوە، ئەمە رێورەسمێکی جیهانییەو لە هەموو دونیادا دەکرێت، لەوێ مەرج نییە ئەم شێوە ریورەسمانە تەنیا بۆ شیعر بێت، بەڵکو بۆ رومانیشی دەکەن، کاتێک نووسەرێک رۆمانەکەی بڵاودەبێتەوە لە ئاهەنگێکی خنجیلانەدا ئیمزا لەسەر رۆمانەکەی دەکات، ئەمە لە وڵاتە عەرەبییەکانیشدا هەیە، کاتی خۆی ئەم نەریتە لە بەغداشدا هەبوو، ئەمە بەلای منەوە داهێنانێکی جوانە، چونکە رێزلێنانێکە لە نووسەرو ناساندنییەتی بە میوانەکانی ئەو ریورەسمە، بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە، کە پێویستە رەخنەگرێک بانگهێشت بکرێت تا قسە لەسەر ئەو بەرهەمە بکات کە بڵاوبۆتەوە، چونکە ناکرێت نووسەر خۆی باس لە بەرهەمەکەی خۆی بکات.